چیرۆک



بەکر دەروێش

# گۆرانییە خنکاوەکانم




ئەوەی ڕۆژێک لەڕۆژان، لەماڵەکەی خۆیدا هونەری گۆرانی چڕینی تاقی نەکردبێتەوە، ڕەنگە دودڵ و دڕدۆنگ بێت لەوەی کەئێستا دەیگێڕمەوە، هەفتەیەک پێش لەئێستا، بەیانی هێشتا ژن و مناڵەکانم لەخەودا بوون، دیسان مەیلی گۆرانی چڕینم کرایەوە، لەنێو باخچەکەدا، لەسەر هەرێزەکە دانیشتم و دەستم خستە بناگوێچکەم، سەری مقامی قەتاروئەلاوەیسیم دامەزراند، هەردەنگم هەڵبڕی و نەبڕی ژنەکەم بەڕاکردن هات، توند دەستی

خستە سەردەمم و گۆرانییەکەی لەگەرومدا خنکان، چاوە خەواڵووەکانی جنجن کردبووەوە، وا تۆقی و پەرێشــان ببــوو دەتگوت ئێــستا من بەم گــۆرانییــەم نهـێنییـەکی گـەورە ئاشکرا دەکەم و حـەیامـان دەچێت، وەها تەنگەنەفەسی کردم خـەریک بوو بخنکێم، هـەرچۆنێ بوو دەستیم لەسەر دەمم لاداو هەناسەیەکم دا، ئەرێ ئەوە چیتە خنکاندمت؟ کورە تۆ چیتە؟ بەم سبای ساڵحانە ئەڵێی شێت بووی! سەت جار پێم نەگوتی عەیبە گۆرانی مەڵێ، هاوسێکان گـوێیـان لەدەنگتـە، بۆ گـۆرانی ئەڵێی ها..؟ وەک منـاڵێکی بێـدەسـەڵات بـەکـزێکەوە گـوتم: چیبکەم حەزم لێیـەتی! ئەوەندەی تر تووڕە بوو ووتی: حـەزومـەز نییـە، قابیلە بەشـەر حـەزی لەهەر شـتێک بێت بیکا ؟ دەباشـە منیش حەزم لێیـەتی دەچم لەکۆڵان تاوێک سـەمـادەکـەم! ئەبێ؟ گۆرانی وەک سەما نییە، فەرقی چییە ؟ فەرقی زۆرە ئەمەی من حەزێکی بێ وەیە، ئێ باشە حـەزت لێیەتی بڕۆ بۆخۆت لەو چۆڵەوانییـە گۆرانی بڵێ ؟ قسـەی ژنەکەمم مـاقوڵ هاتە پێش چاو، کـەوتمـە سـەرزەنشـتکردنـی خـۆم، ئەو ڕۆژە تـامـاڵخـەوتنان کـزو بێـواز بووم، هەرخـۆمم دەخـواردەوەو دەمگوت: شـەرتبێ ئیـتر قـەت گۆرانی نەڵێم، ژنەکەم ڕاسـتـەکات گۆرانی وتن شـورەییـە، ئاخـر من ژن و مناڵم هەیە ! کەچـی دوێنێ بەیانی کاتێک کەلەخـەو هەستام دیسان هەر لەخۆمەوە نارە نار گۆرانییەک لەسەر زارم بوو، هێشتا ئەوان لەخەودا بوون، دووجـار چوومە سـەربان و هاتمە خـوارەوە، گۆرانییـەکی بەیانیـانە ختوکەی هەناوی دەدام، وەلێ هەرچۆنێک بوو دانم بەخـۆمدا گرت وگۆرانییەکەم نەوت، دیسان تا ئێوارەکەی غـەمۆک وبێ خـولَق بووم، لەگەڵ کـەسـدا قسـەم نەدەکردو مـۆنەمۆنم بوو. ئێستا ئیـتر بیـری نایەت دواجــار کـەی گۆرانیی وتووە، من بیـسـتـوومـە ئەودەمـانەی کـەنەتوانێ گـۆرانی بڵێ خولَقی تەنگ دەبێت و تووشی بێ مەیلی دێت، تاقەتی قسـەکردنی نامێنێ و حـەز بەتەنیایی دەکات، کەتەواو توڕە و پەست دەبێت ژیانیشی لەبەرچاو بێتام دەبێت، لەترسی ئەوەی نەک شـتێ لەخـۆی بکات دەچێتە دەرەوەی شـار ئەو ڕۆژە تائێوارە گۆرانی دەچڕێ. بەڵام خـۆمن ناتوانم هـەمـوو ڕۆژێک بچم بۆ ئەو کـەژوکـێـوانە بۆ گـۆرانـی وتن، من حــەزدەکــەم هەمــوو بەیانیـەک لەگـەڵگەردوگـوڵی بەیاندا تاوێک گـۆرانی بچـرم، دەرگـای ڕۆژێکی نوێـی ژیانم بەگۆرانی بکەمـەوە، کـەچی هەمیـشـە ڕێگای ئەمـەت لێ دەگرن و نایـەڵن بەئارەزووی خـۆت تاوێک گـۆرانی بچـڕی، مـن تێنـاگــەم باشــە خـۆ گـۆرانـی وتن زیانی بۆ هیچ کـەس نییـە، بەپێـچـەوانەوە زۆرجـار دڵی بنیـادەم دەکـاتەوە و خـۆشـی دەخـاتە دڵ و دەروونیـیـەوە، ئیـتر نازانم بۆ هەمـوویان ڕقیان لەگۆرانییـەو ناهێڵن من بـەئارەزووی خۆم تاوێک گۆرانی بڵێم؟ ڕقیـان لەگۆرانی وتنە، بـەڵام حەزیان لەتەقـەکردنە، توخوا گـۆرانی باشـە یان تـەقە؟ ئەو ڕۆژە

ئەو پیاوە قەڵەوەی کەماڵی لەو سەری گەڕەکەکەمانەوەیە، بانگی کردم و دووسەعات قسەی بۆ کردم، پێی وتم: کاک بەکر تۆ پیاوێکی بەتەمەنی ژن ومناڵت هەیە، عەیب ناکەی لەخۆت هەمیشە خەریکی گۆرانی چڕینی؟ گۆرانی وتن کەی هی پیاوە، ئەوەی گۆرانی بڵێ لۆتییە بێئەخلاق و سەرسەرییە، تۆ قەبوڵەکەی پێت بڵێن سەرسەری ؟ ها .. قەبوڵەکەی؟ منیش بەڕوویەکی شەرمنەوە وتم: کاکەگیان بەخوا قەبوڵ بکەم نەیکەم من تۆ ناناسم، ئینجا من لە ماڵی خۆما گۆرانی ئەڵێم، خۆ لەبەر دەرگای کەس گۆرانیم نەوتووە! کەوام وت چاوی چووە تەوقی سەری، دەنگی گڕگڕ ببووەوە هاواری کرد: سەگباب ئەمجارە گوێم لەدەنگت بێت وەک سەت دەتۆپێنم! بێ قیمەت، لۆتی؟ بوو بەشەڕوقڕەمان، بەدەم قڕەوبڕەوە خەڵکی گەڕەکمان لێ کۆبووەوە و کەوتنە ناوبژی کردنمان، هەرچۆنێ بوو خەڵکەکە لێمیان دورخستەوە، قەسەم بەخوا ئەو خەڵکە نەبوایە ئەوفیلە ورگنە هانجن هانجنی دەکردم، ناچار ڕووی دەمم لە عالەمەکە کرد و وتم: ئەرێ کاکە گۆرانی وتنی من زیانی بە کەستان گەیاندووە؟ یەکێک بێ ئەوەی بمناسێ و بیناسم یان هەرخەڵکی گەڕەکەشمان بێت وابزانم بەدەم قڕەو بڕەوە هاتبوو لەخۆیەوە هەڵیدایەو وتی: کاکە چۆن زیانی نییە عەیبە ئەمە کەی بەزمە تۆ فێری بووی، حەزت لەگۆرانی وتنە بچۆ لەو دەشتودەرە گۆرانی بڵێ، کێ دیویەتی لەگەڕەکدا گۆرانی بوترێ؟ ئێستا من چی بەم کابرایە بڵێم؟ ئاخر من کەی لەگەڕەکدا گۆرانیم وتووە، من لەماڵی خۆمدا بۆ حەوسەڵەی خۆم گۆرانیم وتووە! دوای ئەو سەی هاشمم لێ هاتە جواب و وتی: ماڵی خۆت نییە، تۆ دەنگت تا ئەو پەڕی شار دەڕوات عالەمت بێزار کردووە، ئێستا دەنگیشت خۆش بوایە قەیدینەدەکرد، ئێمە جارێکی تر لێت قەبوڵ ناکەین گۆرانی بڵێی، یەکجاریتر گۆرانی بڵێی لەم گەڕەکە دەرتدەکەین، وەک بەرخۆڵەیەک کەوتبێتە نێو کۆمەڵێ گورگ هەرجارە یەکێ پەلاماری دەدام و گازێکی لێ دەگرتم، نەمدەزانی وەڵامی چەند کەس بدەمەوە، خۆشم نەمدەزان ئەڵێم چی، بەڵام دواجار هەر ئەوەندە لەخۆم حاڵی بووم، بە یکێکم وت: ئەگەر هاتمە بەر دەرگاکەی تۆ و گۆرانیم وت لێم قەبوڵمەکە! بەدەم ئەم بگرەو بەردەوە نازانم کێ بوو لەڕێی خوا قۆڵی گرتم و کردمی بەحەوشەی ماڵەوە، ئێستا وردە وردە گۆرانییەکانم خەریکە لەگەرومدا دەخنکێن، خەریکە یەک یەک هەرەس دەهێنن ولە دڵ ودەروونمدا دەپوکێنەوە، ڕۆژێک دوای ئەو گەلەکۆمەیەی لێیان کردم، واتە هەینی ڕابردوو، مەلا کەریمیش لەخوتبەی نوێژی هەینیدا، سەعاتێک زیاتر خەسوولەگەڵ تۆمەو بوکێ گوێت لێبێت لەسەر گۆرانی و گۆرانی چڕێن قسەی کرد، دەیگوت گۆرانی وتن کارێکی نەکردەنییە، مایەی حەیاچوونە، هەرکەسێک گۆرانی بڵێ

هاوڕێی شەیتانەو هەفتا هەزار ساڵ لەئاگری جەهەنەمدا دەیسوتێنن، گۆرانی وتن لەکەبائیرەکانە دەبێ مرۆڤ خۆی لێ ببوێرێ، ئەو کەسەش دەنگی خۆشەو حەزی لەگۆرانی وتنە دەتوانێ لە باتی ئەوە قورئان بخوێنێ، خودا ئەو دەنگە خۆشەی بۆ ئەوە پێنەداوە تاوەکو گۆرانی پێ بچڕێ، بینای چاوان بەقوربانی بم، ئەو دەنگە جوانەی بۆ ئەوە پێی داوە تاکاری جوانی پێ بکات، نەک بێت و دوور لەڕوتان وەک گوێدرێژ لەنێو مالان و کۆڵانەکاندا بزەڕێنێ، ئەمڕۆ خەڵکانێک هەن دوور نییە ئێستا گوێیان لەدەنگیشم بێت بەزەڕەزەڕ عالەمیان بێزار کردووە، وەلا چییە گۆرانی دەڵێن، ئەمانە وەلاهی حەقیان سەربڕینە، گوناحە خەڵکی لەم جۆرە ئاووهەوای خوای گەورە هەڵمژن، مەلا کەریم زۆری گوت من هەرئەوەندەم لەبیرە، بەینی خۆمان بێت قسەکانی زۆر کاریان تێکردم سوێندم خوارد تۆبە بکەم و ئیتر هەرگیز گۆرانی نەچڕم، دەنگی خۆم لەهەمانە نێم و گۆرانییەکانم یەک یەک هەڵپڕوکێنم، چەندان ڕۆژ بوو گۆرانیم نەگوتبوو غەمۆکی و پەژارە دایان گرتبووم، هەستم بەغەریبی خۆم دەکرد، لەڕولاواز ئیشتهای خواردنم نەمابوو، لەباخچەی ماڵەوەدا دانیشتبووم سەری خۆمم لەنێو دوکەڵی جگەرەدا نوقم کردبوو، مناڵەکانم لەماڵ نەبوون، ئەمە پتر بێ تاقەتی کردبووم، لەپڕ لە دەرگا درا چووم دەرگام کردەوە، بینیم ژنێکی عەبابەسەری پێچەدارە سینییەکی بەدەستەوەیە چەند بەشە شیرینییەکی لەسەرە فەرمووم لێ کرد ئەویش مەرحەبای کردم و وتی: ئەگەر زەحمەت نەبێت پێنج دەقیقە کارم پێتە ئەتوانم بێمە ژوورەوە؟ وتم: بەسەرچاو فەرموو، وەک ئەوەی بزانێ کەس دیارە دیار نییە سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆی کردو ئینجا بەژوور کەوت، پێچەکەی هەڵدایەوە ژنێکی سوورو سپی جوانکیلە بوو، وتم: باجی فەرموو بابچینە ماڵ ەوەدانیشین، سینییە شیرینییەکەی بۆ درێژ کردم و وتی: من بۆلای تۆ هاتووم ئەم سینیە شیرینییەشم هەر بەدرۆ هێناوە گوایە شیرینی دابەش دەکەم، ئێستا کاتی دانیشتن نییە پەلەمە بەسەر پێوە دووقسەت لەگەڵ دەکەم و دەڕۆم، وتم: فەرموو، وتی: چەند ڕۆژە منەی هەلێک دەکەم بتبینم، دوێنێ ژنی دراوسێکەتان پێی وتم ژن ومناڵەکەت لەماڵ نین، بۆیە ئەمەم بەفرسەت زانی و هاتم، تۆ من ناناسی من ژنی خولە کونجیم ئەوەی ئەو ڕۆژەی شەڕی پێت فرۆشت ونایەوێ گۆرانی بڵێی، ماڵمان لەوسەری کۆڵانەکەیە، ماوەیەکە دەنگی گۆرانی چڕینت نایەت، دەزانم هەموو پیاوانی گەڕەک ڕقیان لێتەو حەزناکەن گۆرانی بڵێی، چونکە دەزانن دەنگت خۆشەو ژنەکانیان عاشقی دەنگی تۆن، تۆزێک داماوم وتم: باجی جا تۆ چوزانی من گۆرانی ئەڵێم؟ خۆ دەنگم ناگاتە ماڵی ئێوە، وتی: ئەوە تۆ ئەڵێی چی من ڕۆژێک گوێم لەدەنگت نەبێت

نەخۆشم، هەرکە گوێم لەدەنگت دەبێت دەڵێی وام دەمگرێت لەجێگای خۆم ڕێک دەوەستم گوێ لەتۆ دەگرم، لە پڕ لە پرمەی گریانی داو پەلاماری دەستی دام ماچی کردو وتی: بەکر گیان بەقوربانت بم گۆرانی بڵێ تادەتوانی گۆرانی بچڕە، من سەدای دەنگی تۆ نەبوایە ئێستا دەمێکە خۆمم سوتاندبوو، لەدەستی ئەو خولە گەماڵە خۆمم نەجات دابوو، ئەو پیاوە پیسکەیەی کە ڕۆحی منی سوتاندووە، ئەگەر دەنگی تۆ نەبێ ئەبێ منیش بمرم، ئەگەر گۆرانی نەڵێی ئەوە ئەتەوێ بمکوژی، ئەم شەو دوای نیوە شەو، ئەو دەمەی ئاسمان ساماڵە دەبێ گوێم لەدەنگت بێت، دیسان پەلاماری داو ویستی دەستم ماچ کات نەمهێلا، سینییەکەی لێ وەرگرتم و تا لە دەرگاوە دەرچوو هەر وتی: لەبیرت نەچێ ئەم شەو دوای سەعات دوازدە، ئەو دەمەی ئاسمان ساماڵە، بێ ئەوەی هیچ بڵێم بەهێواشێکەوە دەرگاکەم پێوەداو گەڕامەوە حەوشە، وەک کەسێک بیرو هۆشی خۆی لەدەست دابێت وڕوکاس سەیری دەوروبەری خۆمم دەکرد، هەستم دەکرد ئەڵێی شتێک لەئانوساتی ڕوداندایە، یان لەوانەیە ڕویدابێت، ئەو ڕۆژە تاعەسرێکی درەنگ هەروا وڕێنەم دەکردو بیرم دەکردەوە چۆن گۆرانی بڵێم؟ لەو دەمانەدا جارێکی تر لەدەرگا درا، دڵم داخورپاو بەترس و لەرزەوە چووم دەرگام کردەوە، دیتم دوو ئافرەتی عەبابەسەرن لەپێش دەرگا وەستاون، کە منیان بینی یەکێکیان پەچەکەی هەڵدایەوەو بەسۆزێکی دەگمەنەوە تەماشای کردم، بەشێوەیەک فرمێسکەکانی لەنێو چاوەڕەشەکانیدا زلەزلیان بوو، دەتگوت هەر ئێستا دەدا لەپرمەی گریان، کچێکی بالاّ بەرزی چاو ڕەشی چاو گەورە بوو، قەڵەمی دەموو چاوی جوان و ڕێک وپێک بوو، تۆزێ ڕەنگی زەرد دیار بوو لەنەخۆش دەچوو، ئەمیش وەک ژنەکەی تر سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد کەس دیار نەبوو، بێ ئەوەی هیچ بڵێت نامەیەکی بۆ درێژ کردم، منیش وەک ئەوان سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆمم کرد جگە لە دووسێ منداڵ کەخەریکی یاریکردن بوون کەسی تر دیار نەبوو، گورج لێم وەرگرت، بێ ورتە و بێ قسە ئەوان لێیاندا ڕۆیشتن، منیش هاتمە حەوشەوە، نامەکەم ئەم دیوو ئەودیو کرد، هیچی لەسەر نەنوسرابوو، کردمەوە، دیتم بە دەسخەتێکی عەرەبی جوان نووسرابوو، کە وەرمگێڕایە سەر زمانی کوردی ئەمەی لێ دەرچوو ( سلاّو، هەزار سلاّو لەدەنگ و هەناوت، لە چریکەو سەدای گۆرانی دڵەی خرۆشاوت، من نووسەری ئەم نامەیە ناوم شلێرە کچی مەلا کەریمم، ئەو مەلا کەریمەی هەموو هەینییەک خوتبە لەدژی گۆرانییەکانی تۆ دەخوێنێ، ئەڵی لەم دنیایەدا هیچ نەما قسەی لەسەر بکات تەنیا گۆرانییەکانی تۆ نەبێت، گیانەکەم من بەقەد رقی باوکم لە تۆ خۆشم دەوێی، من هێندەی عیبادەتی باوکم بۆ خوا، عاشقی دەنگی تۆم،

هۆی مـان و نەمـانم تەنیـا دەنگی تۆیە، چەند ڕۆژێکە بێ دەنگی، هەرگیـز بێـدەنگ مـەبەو مـەترسـە، خـودا ئەو دەنگە جوانەی بۆ ئەوە پێت داوە تا دڵی ئێمـەمـانانی پێ خۆش کەیت، مـــەترســـەو گــۆرانی بڵێ، دەیان ژنـی ئەم شــارە عــاشــقی دەنگی تۆن، دەنگی تـۆ هیــوای ژیانیـانە، گۆرانی بڵێ، دەنگت هەڵبڕە شوشـەی گشت پەنجـەرە داخـراوەکان بشکێنە، دڵە مەیوو بووەکان بکە جامێ خوێن، بیکە بن داری دەنگی خۆت، با هـەمیشـە سەوزو گەشاوە بێت، گـۆرانی بڵێ با دڵیـان بتـەقێ، با هەناویـان ببێـتە زوخـاڵ، گۆرانی بـچڕە بشـتکوژن شەهیدی، تۆ قیبلەی هەزاران دڵی، گۆرانی بڵێ، بەگۆرانی دڵمان بکە بە کۆترو بمانفڕێنە، با لەم زیندانانە رزگـارمـان بێت، گـۆرانی بڵی و مـەترسـە، دوای بانگەوازی دڵت بکەوە، لە مـەرگ مـەترســەو بیـبـەزێنە، تـۆ شـێـخی تەریقـەتی دڵی هەزاران کچ و ژنـی ئەم شـارەی، چاوەکانت مـاچ دەکەم ئێوارە و بەیانـی، شەو ڕۆژ گۆرانی بڵێ، بێ دەنگی تۆ، دنیای ئێمـە دنیای مردووانە، ئێمە مردووین دەنگی تۆ زیندوومـان دەکاتەوە، باوکم دەزانێ من عاشقی دەنگی تۆم، چەند تۆ گۆرانی دەڵێی وەک یەکێک بەردێک بدەن بـەناو زگیدا، کن دەبێتـەوە، دەڵێت: نعلەتت لێ بێت شـەیتان کچێ شلێر دەرگاو پەنجـەرەکان داخـە، ئەم گۆرانیـانە دڵی منیـان تەقاند. منیش لەجیاتی ئەوەی پەنجـەرەکان بگرم دەرگاکانیش دەکەمـەوە، گۆرانی بڵێ، دەنگت هەڵبـڕە، دەنگت ژیانـی ئێمـەیە، هیـوای بانەڕۆژمـانە، ئەم شـەو نیـوەشـەو، ئەو دەمـەی ئاسـمـان سـامـاڵە چاوەڕوانت دەکەم گۆرانی بڵێی، ئاخر لەبیرت نەچێت، لەبیرت نەچێ، ئەم شــەو ئـەو دەمــەی ئاســمــان ســامــاڵە. کـە لەخـوێندنەوەی نامــەکـە بوومــەوە، جگەرەیەکم داگـیـرسـان وپشـوویەکم دا، دوای ئەوەی کـەمـێک مـاندووبونم حـەسـایەوە، کۆمەڵێک شـتم بە مێشکدا هات ئەو کات زانیم بۆچی ژنەکەم و خولە کونجی و مەلاکەریم و هاوەڵەکانیـان حـەز نـاکەن من گۆرانی بڵێم، نیوە شـەو بیرم لە قسـەکانی شلێر کردەوە، خـودا کـاتێک شـتێکی جوان بـە یەکێک دەدات، ئەوە بەتەنیا مـوڵکی ئەو نییـە، بەڵکو مـافی خەڵکی تریشـی تێدایە، بۆیە نابێ منیش ئەوانەی حەزیان لە دەنگم و لەجوانی گۆرانیەکانمە لە گۆرانی چڕین بێبەشیانکەم.

**دووزخورماتوو**